بەشی دووەم:

## وتووێژێك لەگەڵ (مارگێت بەدران) سەبارەت بەچەمکی "فیمینیزمی ئیسلامی"

پرۆفیسۆر مارگێت بەدران (Margot badran)، مێژووناسو توێژەر بووە لەناوەندی لەیەك تێگەیشتنی موسڵمان– مەسیحی لەزانکۆی "جۆرج تاون" لەئەمریکا، ئێستا لەئەنیستیتۆی خوێندنەوەی بیرو باوەڕی ئیسلامی لەزانکۆی "نورتو یستێرن" وانە دەڵێتەوە. بەدران لەبەشی عەرەبیو لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لەزانکۆی ئەلئەزهەر خوێندنی تەواوکردووە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لەبەشی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی "هاوارد"و دکتۆرای لەبەشی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی "ئۆکسفۆرد" بەدەستهێناوە.

بەدران پسپۆڕە لەبەشی "فیمینیزمی ئیسلامی"داو چەندین کتێبو بابەتی لەبارەی تێگەیشتنی ئیسلام لەروانگەکانی فیمینیست نووسیوە، هەندێك لەکتێبەکانی بەدران بریتین لە: "فیمینیزم، ئیسلام، نەتەوە"و "رەگەزو پێکهاتەی نوێ لەمیسر"و "کردنەوەی دەروازەکان: سەدەیەك نووسینی عەرەبی"، هەروەها لەهەفتەنامەی ئەهرامدا سەبارەت بەژنان دەنووسێت.

ئەم وتووێژەی خوارەوە لەگەڵ "بەدران" کراوە، لەکاتێکدا کە لەهندستان سەبارەت بەفیمینیزمی ئیسلامی لەشارە جۆراوجۆرەکاندا





قسەی کردووەو لەمانگی ژانوییەی ٢٠٠٤ لەگۆڤاری نیشتمان (THEMILLI GAZETTE)دا بڵاوکراوەتەوە.

### چۆن "فیمینیزمی ئیسلامی" شیدەکەنەوە؟

من مێژووناسم "تێز"ی دکتۆراکەم لەبارەی گەشەسەندنی فیمینیستییە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەمیسر. لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا هاتمە میسرو ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ موسڵمانێکی میسریدا ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، بەباشی زمانی عەرەبی فێربوومو دوای زەماوەندەکەمان وەکو بەشێك لەکۆمەڵگای زانستی نێونەتەوەیی بەرەو وڵاتە جۆراوجۆرەکان رۆیشتین، لەکۆتایی دەیەی ١٩٨٠ تێگەشتم کەژنانو پیاوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ قسەکردن لەبارەی یەکسانی ژنو پیاوەوە زیاتر پشت بەنووسینە ئایینیەکان دەبەستن.

کە لەمیسر بووم بڕیارمدا خوێندنەوەیەکم لەسەر فیمینیستی میسری هەبێت، میسر لەکۆتایی چاخی ١٩دا شێوازی نوێگەری لەخۆگرتبوو، ئەو پرسیارانەی موسڵمانەکان رووبەڕووی دەبوونەوە ئەوەبوو کەچۆن بتوانن لەیەك کاتدا هەم موسڵمان بنو هەم مودێرن بن. ئەم پرسیارە بەشێوازێك لەلایەن "محەمەد عەبدۆ"وە وەڵام دراوەتەوە. سەبارەت بەرۆحی ئیسلامو ئەوەی کەچۆن ئیسلام زانستو وردبینیو لێکۆڵینەوە بۆ رێڕەوەکانیان بەرەوا دەبینێت، قسەی کردووە، بەڵام لەهەندێ لەکۆمەڵگاکاندا پیاوان رێگە نادەن ژنان بێنە دەرەوەو

لەماڵەوە رایاندەگرن. لەمیسر لەبارودۆخە جۆراوجۆرەكاندا ئەو بیرو بۆچوونە هەبوو كەداگیركەرە بەریتانییەكان وەدەربنێنو ژنان بەتوانا بكەن، من خۆم هەم وەكو ژنێكو هەم وەكو مێژووناسێك زۆر حەزم دەكرد خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتە بكەم.

لەوتووێژی ئەوپەڕی داگیركەریدا، دەتوانین وا تێبگەین كەگفتوگۆی "فیمینیزمی ئیسلامی" دەرئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی رۆژهەڵات ناسی= ئۆریۆنتالیسی (ORIENTALISTI) ژنانە لەكۆمەڵگای ئیسلامیدا كەبەرامبەر بزووتنەوەی ژنانی عەرەبە، لەكاتێكدا ئەو دوو كۆمەڵە هەڵو مەرجە بەتەواوی لەیەكتر جیاوازن.

ئەوە تێڕوانینێكی زۆر هۆشیارانەیە، بەڵام لەنێوان فیمینیزمی ئیسلامیو پێكدادانی رۆژهەڵاتناسیدا جیاوازی زۆر هەیە.

فیمینیزمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ نووسینە ئایینیەكانو بریتییە لەگفتوگۆی موسڵمانان لەگەڵ موسڵماناندا، بەڵام رۆژهەڵاتناسەكان خەڵكانێكن كە لەرۆژئاواوە دێنو دەگەڕێنەوەو گفتوگۆ لەگەڵ رۆژئاوادا دەكەن، فیمینیستە ئیسلامییەكان سود لەریزبەندیو دەستەواژەو چەمكی ئیسلامی وەكو (ئیجتهاد= فتوا) وەردەگرن هەرچەندە ئەگەر ئامێرەكانیش جیاواز بن، وەكو شێوازی زمانەوانی (Linguistic) یان دروستكردنی مێژوو (historicizing)، بەڵام نابێت چوارچێوەكە لەدەرەوەی بواری ئیسلامیدا بێت.

واتە نابێت پرۆژەكە دەرەكی بێتو دەبێ لەبواری ئیسلامدا كار بكات.





**لەرووی تیۆریو پراكتیكییەوە "فیمینیزمی ئیسلامی"، وەكو بیرو باوەڕ لەئیسلام نزیكترە یان لەفیمینیزم؟**

نەخێر ئێوە ناتوانن وای پیشانبدەن كەفیمینیزمی ئیسلامی سەبارەت بەدادپەروەری بۆ ژنان وەكو لایەنی ئیسلام قسەدەكات، بەڵكو وەكو ئامێرێكە بۆ ئەوەی لەبیری خەڵكەوە ئەوە هەڵهێنجێت كەئیسلام بۆ ژن چۆنە. دەستەواژەی فیمینیزمی ئیسلامی بیرۆكەیەكی ئاگاداركردنەوەیە كە بەپێی خوێندنەوەی قورئانو نووسینی دەستەواژە ئایینیەكان، پێمان دەڵێت پیاوانو ژنان مافی یەكسانیان هەیەو داوا لەخەڵك دەكەن كەپەیڕەوی ئەو یەكسانییە بكەن.

هەندێك خەڵك، بەتایبەت ئەوانەی كە كارەكانیان بۆ ژنان ئەنجامدەدەن خۆیان بەفیمینیزمی ئیسلامی نازانن. ئەوان باوەڕیان وایە كەئەم كارە فیمینیزمی ئیسلامی نییە. هەندێك تێگەیشتنیان سەبارەت بەفیمینزم هەیەو نایانەوێ كەڵك لەم وشەیە وەربگرن.

لەهەر روویەكەوە، رەوتێكی– پێداچوونەوەیە. جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كەئەم وشەیە كێشەی تێدایە.

زەمانێك بڕیارمدا كەئیتر كەڵك لەو وشەیە وەرنەگرمو رستەی "چالاكی رەگەزی"(gender activism) بەكار بهێنم. ئێوە ناچارنین بەبەردەوامی بەفیمینیزمی ئیسلامی ناوی بەرن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە گفتوگۆكە چییە؟ بەڵكو رێگە چارەمان بۆ كێشەكە ئەوەیە كەدەربڕینی خراپ بۆ ئایین دەكرێ.

**دەربڕینەکانی "فیمینیزمی ئیسلامی" بەچ شێوازێکە؟**

تەکنیکی فراوان‌و جیاواز هەیە بۆئەوەی کەڵکی لێوەربگیرێت. تەوحید بنەمای ناوەندی ئیسلامە، بەپێی تەوحیدیش نابێ هیچ کەسێك هاوتەریبی خوا بێت، بەڵام هەندێك کەس دەڵێن کەدەبێت لەمن فەرمان وەربگریت‌و نابێ فەرمان لەمو لەو واتە لەهیچ کەسی تر وەربگریت کەئەمەش بەپێچەوانەی تەوحیدەوەیە، "فیمینیزمی ئیسلامی" دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ قورئان نەك بۆ ئەو یاسایانەی کەخەڵك بنیاتیان ناون. لەئیسلامدا تەنها قورئان خوداییە، حکوم خودایی نییە. ئێستا بگەڕێنەوە بۆ مێژووو لێی تێبگەن‌و دواتر جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ زەمانی ئێستا، دەبینن شیکردنەوە زمانەوانی‌و توێژینەوە زەمینناسییەکان بۆ فتوادان بوونیان هەیە، دەبێ بەزمانی عەرەبی (وەرنەگێڕدراو بۆ زمانەکانی تر) لەقورئان تێبگەن‌و عەرەبی مودێرن زەمینەی نزمبوونە.

**پێگەی داب‌و نەریت‌و ڕێسای پێغەمبەر لەم شێوازەدا لەکوێدایە؟**

فیمینیزمی ئیسلامی تێدەگات کەزۆربەی فەرموودەکان لەبنەمای سەرەکی خۆیان دەرچوون‌و (دەستکاری کراون)و هەندێك لەفەرموودەکان لاوازن‌و ئەوەندەش شیاوو پەسەند نین، هەر لەو بارەیەوەو خەڵك‌و توێژەرەکان پیایاندا چوونەتەوەو توێژینەوەی نوێیان کردووە. فیمینیزتە ئیسلامییەکان ئەو فەرموودانە بەفەرموودەی دژی ژنان دەناسێنن.





**لەقورئاندا ئایەت‌و نیشانەی زۆر سەبارەت بەپیاوان هاتووەو شتی زۆریان لەبارەوە نووسراوە، یان ئاماژە بەوە دراوە کەپیاوان لەسەرووی ژنانەوەن، ئایا ئەو بابەتانە چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

ئیسلام لەکۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا دەرکەوت، مافی روون‌و راشکاوی بەژنان بەخشیوە، چونکە پیاوان رێبەری کۆمەڵگا بوون. ئەوان لەهەل‌و مەرجێکی عەشایەریدا بوون‌و زۆر بەهێزبوون‌و زوڵم‌و نایەکسانیان دەرهەق بەژنان دەکردو کۆرپەکانیان دەکوشت.

ئایا لەناو پیاوانی موسڵماندا توێژەرێك هەیە کەدەربڕینەکانی لەگەڵ ژناندا زۆر هاوڕێیانە بێت؟ ئەوانە توێژەرە ئازاد بیرەکانن (لیبڕاڵن). یوسف قەرزاوی‌و محەمەد غەزالی لەو کەسانەن، بەڵام سەبارەت بەئازادی ژنان‌و هەڵسوکەوتی گشتییان وەکو فیمینیستە ئیسلامییەکان نین. رەنگە ئەوان یارمەتیی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دیاریکراو بدەن، بەڵام فیمینیستە ئیسلامییەکان دەیانەوێ ئەو چەمکانە لەژیانی رۆژانەیاندا بەکاربهێنن‌و لەم بوارەدا ئەو توێژەرانە هیچ یارمەتییەکیان نەداون. فیمینیستە ئیسلامییەکان تیۆری‌و پراکتیك پێکەوە گرێ دەدەن، بەڵام ئەو تۆیژەرانەی تر بەتەنها حاڵەتی تیۆری دەهێڵنەوە.

**ئایا پەیوەندی لەنێوان فیمینیستە ئیسلامییەکانو فیمینیستەکانی لایەنگری کۆمەڵگە (سۆشیالەکان) یان فیمینیستە بنەڕەتییەکاندا هەیە؟**

نەخێر، فیمینیزم باوەڕێکە کەپێی وایە ژنان سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی‌و میللیی‌و جیاوازییەکانی تر، بۆ ڕێزگرتن لەکەسایەتی‌و یەکسانی ژنانیش هەوڵدەدەن. فیمینیستە ئایینەکانو ئەوانەش کەباوەڕیان بەئایین نییە لێکۆڵینەوە لەسەر فیمینیزمی ئیسلامی‌و تەنانەت خودی ئیسلام دەکەن. ئێمە سەبارەت بەو تیۆرییانەی کەسەر بەبیروباوەڕی فیمینیزمی سۆشیال یان رادیکالن، قسە ناکەین، بەڵکو ئەوانەی کە بۆ یەکسانی ژنانو پیاوان هەوڵدەدەن روو دەکەنە فیمینیزمی ئیسلامی.

**سەبارەت بەستەمو نایەکسانی بەرامبەر بەژنانی گاورو جولەکە چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

ژنانی گاورو جولەکە رەنجی زۆر دەدەن، هەر لەو بارەیەوە دەبینین کەبزووتنەوەی فیمینیزمی زۆر چالاکمان هەیە، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی ئێمە زانستی ئایینی رزگارکردنمان (liberation theology) هەیە.





**ئایا بەڕای ئێوە لەو کۆمەڵگایانەی کەئیسلام نین وەکو ئەورووپاو هندستان، دەتوانن شێکردنەوەکانی "فیمینیزمی ئیسلامی" بەکاربهێنن؟ بۆ نموونە لەوڵاتی هندستاندا کێشەیەك هەیە کەژنان دوای مردنی مێردەکانیان خۆیان دەسوتێنن.**

نەخێر، چونکە ئیسلام پێچو پەنای زۆرە، بەڵام لەقۆناغێکی دیاریکراودا ئەو چەمکانەی کەفیمینیستە ئیسلامییەکان دەیخەنەڕوو دەتوانرێ لەکۆمەڵگاکانی تردا بەکاربهێنرێت. فیمینیزمی ئیسلامی وەکو ئایین ناسییە لەفیمینیزمی گاوردا دەبێ کۆمەڵگە لەسەرەتاوە ئەوە شیبکاتەوە، فیمینیزمی ئیسلامی وەکو فیمینیزم لەبوارەکانی تردا بۆ یەکسانیخوازی هەڵساونو لەئاکامدا ئەوە رەخنەیەکی ناوخۆییەو پێشکەوتنی ناوخۆیی ئەنجامدەداتو پاشان کاریگەری دەرەکی‌و دیاردەی بەربڵاو دەبینن.

**یەکێك لەڕەخنە سەرەکییەکان لەژیانی ژنانی موسڵماناندا حیجابە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

لەنێوان توێژەرە موسوڵمانەکاندا بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی داپۆشینی (سەر)ەوە هەیە، فیمینیزمە ئیسلامییەکانیش لەو بارەیەوە روانگەی جۆراوجۆریان هەیە. زۆربەی زانایان پێیانوایە کەحیجاب مەرجە، بەڵام بەڕای من دەڵێم نابێت حیجاب بەزۆر بێت. رەنگە موسڵمانانی تر بۆچوونی تریان هەبێت، بەڕای من دەبێ ئەولەوییەتی باسەکانمان لەبەرچاو بگرین، چونکە کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگترمان

هەیە وەك مەسەلەی نەفەقەو مەسەلەی هاوسەرداریو هەندێ لەمەسەلە گرنگەکانی تر.

## کورتەیەکی مێژوویی فیمینیزم
## (Abridges History of Feminism)

روانگەکانی فیمینیزم لەرۆژئاوا لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمو کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، نووسەرانی چاخی رۆشنبیری ئەورووپاش بەهۆی ئەوەی کەسروشتی مرۆڤیان لەچوارچێوەی "بیرمەندیی بەرژەوەندیخوازی بۆرژوازی"دا شیدەکردەوەو بنەمای شیکردنەوەکانیان لەسەر چەمکی تاك (The idiom of individual) داناوە، بەگوێرەی هەر رەگەزو بیروباوەڕێكو بەپێی تاکگەرایی (Individualism) تاکیان شیدەکردەوە. تیۆرییەکی توندو نەگونجاویان سەبارەت بەپەروەدەکردنی یەکسانی ژنو پیاوو رۆڵەکانی یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ دوو رەگەزەکە گەڵاڵە دەکرد کە لەگەڵ بۆماوەیی مرۆڤو سروشتی ژناندا نەدەگونجا.

بەڵام لەرووی مێژووییەوە، بزوتنەوەی فیمینیزمی بۆ دوو قۆناغ دابەشدەکرێت: قۆناغی یەکەم، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم (١٨٧٠- ١٩٢٠)دا دەستی پێکردو قۆناغی دووەم، پاش راوەستانو بێدەنگییەکی ٤٠ ساڵە لەدەیەکانی (١٩٦٠- ١٩٧٠) دەستی پێکردو هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.





چالاکییەکانی فیمینیزم بەتایبەت لەقۆناغی یەکەمدا لەویلایەتە یەکگرتووەکانو ئەو وڵاتانەی کەپەیڕەوی ئایینزای پرۆتستانتی ئەورووپا دەکەنو هەروەها ناوچە پێشکەوتووە پیشەییو ئابوورییەکانی دنیادا باوی هەیە، هەرچەندە جارێکی تر فیمینیزمی نوێ ئەو ناوچانەی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەڵام وڵاتانی تری وەکو وڵاتە کاتولیکەکانو هەندێ لەوڵاتانی جیهانی سێیەم شاهیدی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فیمینیزمی بوون.

فیمینیستەکانی دەورەی یەکەم: واتە فیمینیزمە دێرینەکان ئامانجی دیاریکراوو سنووردایان هەبوو، بەپێچەوانەوە فیمینیزمی نوێ بەناوی لایەنگرانی "بزوتنەوەی رزگاریخوازی ژنان" کەئامانجی رێکخراوەییو دیسپلینیان لەبەردەمدا نەبوو، بۆیە لەئاکامیشدا ئامانجەکانیان هیچ سنوورێکی نەبوو.

هەر لەم رووەوە بۆچوونەکانی خۆیانیان لەفەلسەفەی سیاسی زاڵبووی رووداوە رۆشنگەرییەکانی دەورانی خۆیان وەردەگرت، روانگەکانی دەورەی یەکەم لەبیری ئازاد (liberal)و دەورەی دووەم لەئەندێشەکانی چەپی نوێ (مارکسیزمی نوێ= new Marxism)ەوە سەرچاوەی گرتووە.

رێڕەوانی ئەو بزووتنەوەیە لەقۆناغی یەکەمدا لەچوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- سیاسی سەرمایەداریو مەسیحییەتدا بەدوای ئامانجەکانیاندا دەڕۆیشتنو خوازیاری پێگەی یەکسانین لەگەڵ پیاواندا لەبوارە سیاسیو یاساییو پیشەییەکاندا. لەم دەورەدا

فیمینیزم لەبەرامبەر رەوتی پیاوسالاری بۆرژوازیدا پێکهات. هەروەها لەدەورانی دووەمدا مەرجی سەرەکی بەدەستهێنانی یەکسانی ژنو پیاو بوو لەپێداچوونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگادا.

ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کەیەکسانی رەگەزی لەرێگەی شۆڕشەوە بەدەست دێت، چونکە دیسپلینی ئێستای کۆمەڵگە دەرئەنجامی چەند سەدەیەك لەدەسەڵاتی پیاوسالارییەو ناتوانێ زەمینەسازی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز بێت.

فیمینیستە نوێیەکان خوازیاری لەناوچوونی ئاڕاستەو ئەندێشە دابو نەریتیەکانو خوازیاری بنیاتنانی کۆمەڵگایەکن کە بەپێی بنەمای یەکسانی کارو چالاکییەکان لەکۆمەڵگادا دابەشکرابن.

هەندێك لەفیمینیستەکان کۆمەڵێك بنەمای ژینگەناسی (جیاوازییەکانی نێوان ژنو پیاو لەسەرەتای دروستبوونیانەوە) بەئەولەوییەت دادەنێن، هەروەها ئەو ستەمانەی کە لەژنان دەکرێت، شیدەکەنەوە.

هەروەها باوەڕیان وایە جیاوازی ژنانو پیاوان لەخوڵقاندنی هاوڕەگەزییەکانیانو بۆ بەدواداچوونی نایەکسانییە رەگەزییەکانیانو بۆ لەناوچوونی ئەو جیاوازییانەیە کەبۆ شیکارو رێگەچارە لەئاڵوگۆڕدایەو هەروەها بەرگری لەدووگیانیو زاوزێکردنیان دەکەن.

ئەو بۆچوونە بەتەواوی تایبەتمەندی فیمینیستەکانە کە بە"رادیکال" دەناسرێن. ئەو گروپە زیاتر گرنگی بەئاڕاستەی رەگەزیو زاوزێ دەدەن.





هەندێکیشیان سەبارەت بەفەرهەنگو ئەخلاقی کۆمەڵگا لەدانانی نەخشەکانو دابینکردنی دەرفەتەکاندا ئاماژە بەژنانو پیاوان دەکەنو ئەو دوو روانگەیە بەبنەمای باسە فیمینیستییەکان دادەنێن.

لەباسی پیاواندا رەنگە فیمینیستگەلێك هەبن کەپیاوان بەدوژمنی ئاشتیخوازی ژنان دەزانن، بۆ رزگاربوون رێگەیەکی جیاوازو سەربەخۆ لەپیاوان بۆ بەراوردکردنی پێویستییەکانی شتێکی زیادەیەو لەناودەچن. هەڵبەت فیمینستیگەلێك هەن کەباوەڕیان بەخەباتی پیاوان هەیە بۆ نایەکسانی نێوان دوو رەگەزەکە.